# جەمعییەتی زەردەشت و هەڵوێستی حکومەتی ئێران

پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتیی

یەک لە ئاکامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی بریتیبوو لە هەڵوەشاندنەوەی چەندین ئیمپراتۆریی جیهانو دەوڵەتی عوسمانییش یەک لەو ئیمپراتۆرییانە بوو، کەلەسەر داروپەردوی رووخاوی چەندین دەوڵەتی نویٚ هاتنە کایەوە، لەوانە دەوڵەتی پاشایەتیی عێراق کە لە سیٚ ویلایەتی پێشووی دەوڵەتی عوسمانیی (موسڵ، بەغدادو بەسرە) پێکهاتو خرایە بن ماندێتیی دەوڵەتی بەریتانیای مەزنەوە. بەوەش ئەم دەوڵەتە نوێیە، بەشێکی زۆری لە گرفتەکانی ئیمپراتۆریەکە بە میرات بۆ مایەوەو بەجۆرێک تێکەڵ بە کێشە بونیادییەکانی خۆی بوون کە هەر لەسەرەتاوە رۆڵێکی گرنگیان لەوەدا بینی کە سیستمێکی ناجێگیر لە عێراقدا بێننە کایەوە. شایەنی باسە، یەک لە هەرە رەگەزە ناجێگیرییە سەرەکییەکانی ئەم دەوڵەتە نوێیە کە نیو سەدە پێشتر لە دەوڵەتی عوسمانییدا سەریهەڵدا بووو بەمیرات بۆ عێراق مابووەوە، بریتیبوو لە کێشەی کورد، ئەوەی کە خۆی لە تێکۆشانی سیاسییو چەکداریی کورد لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییو سیاسییو فەهەنگییەکانیو بەدەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایەتیی نەتەوەیی خۆییدا دەبینییەوەو بە توندیی تێکەڵ بە چەندین کێشەی هەرێمییو سنووریی ناوچەکە ببوو.

ئاشکرایە کە دەوڵەتی تازە داتاشراوی عێراق بە چەند قۆناغێکدا تێپەری تاکو بتوانێت وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا دەربکەوێتو لەلایەن وڵاتە دراوسێکانییەوە دانیپێدابنرێت. لەلایەکەوە، جوڵانەوەی سیاسییو چەکداریی کورد بەڕێبەریی شێخ مەحموودی بەرزنجی کە ناوەندەکەی شاری سلێمانی بوو، راستەوخۆ لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگەوە تاکو نزیک بە راگەیاندنی سەربەخۆیی عێراق، بەتوندیی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دژی کۆلۆنیالی بەریتانیاو دەسەڵاتی عەرەبیی تێدەکۆشا، جگە لەوەی دەوڵەتی تورکیای کەمالیی، دوای سەپاندنی پەیماننامەی لۆزان بەسەر هاوپەیمانانو پوچەڵکردنەوەی پەیمانی سیڤەر، کە بەندەکانی (٦٢،٦٣ و ٦٤)ی سەبارەت بە مافەکانی کورد بوون، ئامادە نەبوو بە ئاسانیی دەست لە ولایەتی کوردشینی موسڵ هەڵبگرێتو لەگەڵ دەسەڵاتی بەریتانیاو حکومەتی عەرەبیی هاشمیی لە بەغدا کەوتە

# جەمعییەتی زەردەشت و هەڵوێستی حکومەتی ئێران

پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتیی

یەک لە ئاکامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی بریتیبوو لە هەڵوەشاندنەوەی چەندین ئیمپراتۆریی جیهانو دەوڵەتی عوسمانییش یەک لەو ئیمپراتۆرییانە بوو، کەلەسەر داروپەردوی رووخاوی چەندین دەوڵەتی نوێ هاتنە کایەوە، لەوانە دەوڵەتی پاشایەتیی عێراق کە لە سێ ویلایەتی پێشووی دەوڵەتی عوسمانیی (موسڵ، بەغدادو بەسرە) پێکهاتو خرایە بن ماندێتیی دەوڵەتی بەریتانیای مەزنەوە. بەوەش ئەم دەوڵەتە نوێیە، بەشێکی زۆری لە گرفتەکانی ئیمپراتۆریەکە بە میرات بۆ مایەوەو بەجۆرێک تێکەڵ بە کێشە بونیادییەکانی خۆی بوون کە هەر لەسەرەتاوە رۆڵێکی گرنگیان لەوەدا بینی کە سیستمێکی ناجێگیر لە عێراقدا بێننە کایەوە. شایەنی باسە، یەک لە هەرە رەگەزە ناجێگیرییە سەرەکییەکانی ئەم دەوڵەتە نوێیە کە نیو سەدە پێشتر لە دەوڵەتی عوسمانییدا سەریهەڵدا بووو بەمیرات بۆ عێراق مابووەوە، بریتیبوو لە کێشەی کورد، ئەوەی کە خۆی لە تێکۆشانی سیاسییو چەکداریی کورد لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییو سیاسییو فەهەنگییەکانیو بەدەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایەتیی نەتەوەیی خۆییدا دەبینییەوەو بە توندیی تێکەڵ بە چەندین کێشەی هەرێمییو سنوووریی ناوچەکە ببوو.

ئاشکرایە کە دەوڵەتی تازە داتاشراوی عێراق بە چەند قۆناغێکدا تێپەری تاکو بتوانێت وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا دەربکەوێتو لەلایەن وڵاتە دراوسێکانییەوە دانیپێدابنرێت. لەلایەکەوە، جوڵانەوەی سیاسییو چەکداریی کورد بەرێبەریی شێخ مەحموودی بەرزنجی کە ناوەندەکەی شاری سلێمانی بوو، راستەوخۆ لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگەوە تاکو نزیک بە راگەیاندنی سەربەخۆیی عێراق، بەتوندیی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دژی کۆلۆنیالی بەریتانیاو دەسەڵاتی عەرەبیی تێدەکۆشا، جگە لەوەی دەوڵەتی تورکیای کەمالیی، دوای سەپاندنی پەیماننامەی لۆزان بەسەر هاوپەیمانانو پوچەڵکردنەوەی پەیمانی سیڤەر، کە بەندەکانی (٦٢،٦٣ و ٦٤)ی سەبارەت بە مافەکانی کورد بوون، ئامادە نەبوو بە ئاسانیی دەست لە ولایەتی کوردشینی موسڵ هەڵبگرێتو لەگەڵ دەسەڵاتی بەریتانیاو حکومەتی عەرەبیی هاشمیی لە بەغدا کەوتە

ململانێیەکی قورسەوەو هەڵمەتێکی پرۆپاگەندەیی مەزنیان لەناوچەکە بەرێوەبرد، تائەو کاتەی لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٥دا لایەنەکان گەیشتنە رێکەوتنامەیەک و مەسەلەکە لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بەقازانجی دەوڵەتی تازەداتاشراوی عێراق یەکلاکرایەوە، بەو مەرجەی مافەکانی زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمەکە کە کوردە لەبەرچاوبگیرێت، ئەوەی کرایە مەرج بەسەر عێراقەوە تا بتوانێت وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لە ئایندەدا لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دانپێدابنرێت.

دەوڵەتی کۆلۆنیالی بەریتانییو حکومەتی عەرەبیی لەعێراق، پێکەوە کەوتنە گرتنەبەری تەکتیکگەلێک بۆلاوازکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئەوپەڕیی توندوتیژییو کۆمەڵکوژیان لە پێناو بەستنەوەی راستەوخۆی باشووری کوردستان بە دەوڵەتە داتاشراوەکەی عێراق گرتەبەر. بەوەش توانییان دەسەڵاتە کوردییەکەی باشووری کوردستان لە سلێمانی برووخێنن و راپەڕینەکانی شێخ مەحموود دابمرکێنن، بەچەشنێک لەساڵی ١٩٢٧دا، شێخ ناچاربوو بچێتە گوندی پیران لە دیوی ئێران دابنیشێت. بەلاوازبوونی جوڵانەوەی چەکداریی، بۆشاییەک پێکهات کە هەوڵدرا لەلایەن خوێندەواران و مونەوەرانی



مەلیک فەیسەڵ و رەزاشا بەهلەوی

**دەوڵەتی کۆلۆنیالی بەریتانییو حکومەتی عەرەبیی لەعێراق، پێکەوە کەوتنە گرتنەبەری تەکتیکگەلێک بۆلاوازکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئەوپەڕیی توندوتیژییو کۆمەڵکوژیان لە پێناو بەستنەوەی راستەوخۆی باشووری کوردستان بە دەوڵەتە داتاشراوەکەی عێراق گرتەبەر**

کوردی ئەو دەمی باشووری کوردستان پڕبکرێتەوە، ئەوانەی کە خوازیاربوون لەرێگەی کارو تێکۆشانی سیاسیی رێکخراوەییو فەرهەنگییەوە، کوردان لەدەوری یەک کۆبکەنەوەو بەشێوازی

**جەمعییەتەکە لەلایەن روناکبیری کورد (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) دامەزرێنراوەو مەڵبەندی ناوەندی جەمعییەتەکە لە شاری بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عێراق بووە**

پێشکەشکردنی مەزبەتەو داواکاریی نووسراو لە دەوڵەتانی مەزنو کۆمەڵەی گەلان، هەوڵی بەدیهێنانی مافەکانو جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بدرێت.

«جەمعییەتی زەردەشت» یەک لەو رێکخراوانەیە کە لەلایەن خوێندەوارە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی ئەو دەمەوە دامەزراوەو هەوڵیداوە لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا تێبکۆشێت. ئەو جەمعییەتەی کە تاکو ئێستا لە سەرچاوەو نووسراوە مێژووییەکاندا وردەکارییەکانی بەروونیی نەخراونەتە بەرچاوو زۆر لایەنی شاراوەو تەمومژاوییە. هەربۆیە سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنو ئەندامەکانو لایەنگرو بەرنامەو شێوەی ئیشکردنی سەرنجی جۆراوجۆر خراونەتەروو . بۆ نموونە، (سدیق ساڵح) لە ل ٤٢ی ئەو لێکۆڵینەوەیەی سەبارەت بە بەرگی دووەمی رۆژنامەی «ژیان» کردوویەتیو لە ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوکراوەتەوە، کاتێک باس لە شێخ سەلامی شاعیر دەکات، باسی ئەم جەمعیەتەش دەکاتو دەنووسێت:»پێشترو ساڵی ١٩٢٦، لەگەڵ کۆمەڵێک رۆشنبیری شاری سلێمانیدا، بەهاوکاری ی مەحموودخانی کانی سانان،(جەمعییەتی زەردەشتی) یان دامەزراندووە»، لەکاتێکدا کە ئەو بابەتەی کە (د.کەمال مەزهەر) ساڵی ١٩٩٦ لە گۆڤاری (رەنگین)دا لەژێر ناونیشانی»خێروبێری راپۆرنووسێکی کورد» بڵاویکردۆتەوە، کە بە بڕوای ئێمە زۆر لایەنی گرنگی ئەم جەمعییەتەی ئاشکراکردووە، بە روونیی ئەوەی پێشانداوە، جەمعییەتەکە لەلایەن روناکبیری کورد (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) دامەزرێنراوەو مەڵبەندی ناوەندی جەمعییەتەکە لە شاری بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عێراق بووەو نەک مەحموودخانی کانی سانان هاوکاریی دامەزراندنی نەکردووە، بەڵکو وێڕای ئەوەی جەمعییەتەکە بە دەستخەتی (مستەفا سایب) نامەی ئاراستەی مەحموودخان کردووە لە ئێران بۆئەوەی کۆشش و هاوکاریان بکات، کەچی مەحموودخان خۆی لە وەڵامدانەوە بواردووە. دیارە نووسینەکەی د.کەمال کە پشت بە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیی دەبەستێت کە لەلایەن کاپتن ئەندەرسنی ئەفسەری ئیستیخباراتی بەریتانییەوە لە سلێمانی ئاراستەی ئیستیخباراتی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە بەغدا کراوە. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە، جەمعییەتی زەردەشت دوو لقی هەبووە، یەکێکیان لە سلێمانی بەناوی(شوعبەی فیدایی)و ئەوی دیکەشیان لە هەولێر بووە، جگە لەوەی لەساڵی ١٩٢٨دا بریار لە کردنەوەی شوعبەیەک لە شاری رەواندز کردووە بۆ پرۆپاگەندە کردن لە کوردستانی باکوور. ئەم جەمعییەتە پەیوەندیی بە «سابیری کەریم بەگی هەمەوەند»و چەند بەگزادەیەکی پشدەرییەکانەوە کردووەو نامەی بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجیش ناردووە لە پیرانو نەک هەر داوای شێخیان بۆ بوونە ئەندام پەسەند کردووە، بەڵکو کردووشیانەتە سەرۆکی فەخری جەمعییەتەکەیان.

ئەندامانی دامەزرینەری جەمعییەتی زەردەشت بریتییبوون لە «ئیسماعیل شاوەیس، مستەفا سایب، فوئاد مەستی، عوسمان فایەق، کامیل حەسەن، کەریم سەعید، کەریم شالوم، شەوکەت عەزمی بەگ، شێخ سەلام، عەیدولواحید نوری، ئەحمەد عەزیز ئاغا»و ئامانجی «موختاریەتی ئیدارە» بووە بۆ کورد کە بە واتەی

خودموختاریی یان ئۆتۆنۆمیی دێت. نیزامنامەی جەمعییەتەکە لە شازدە بەند پێکهاتووە کە هەوڵی ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆی جەمعییەتەکە دەدات‌و مەرجەکانی ئەندامەتییش دیاریی دەکات. هەر ئەندامێک لە شوعبەکەی خۆیدا پێویستە مانگانە ٥ ڕوپیێ ئابونە بدات. شێوەی ڕێکخستنی جەمعییەتەکەش هێشوویی بووە، لە هەر شوعبەیەکدا موعتەمیدو مەئمورو دوو ئەندام وەک دەستەیەکی کارگێڕیی هەڵسوراون‌و مەسەلە پربایەخەکانیان دوور لە ئەندامان بەڕێوەبردووە. شایەنی باسە، لە تێکڕای ئەو بەندانەی نیزامنامە، بەندی پازدەیەمین جێگەی سەرنجە، ئەویش ئەوەیە کە هەرکەسێک بیەوێت ببێتە ئەندام، دەبێت پەڕەیەکی سپی بۆ جەمعییەتەکە ئیمزا بکات تا وەک گرێنتی پابەندبوونی ئەندامەکەوە بێت بە فەرمانی جەمعییەت‌و نەتوانێت بەڕوویدا بوەستێتەوە!

ئەوەی لەم وتارەدا جێگای بایەخی ئێمەیە، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان جەمعییەتی زەردەشت‌و حکومەتی شاهەنشاهیی پەهلەویی لە ئێران‌و ئەو تێڕوانینە نادروست‌و ستراتیژە گێڕەیە کە هەر لەسەرەتاوە ئەندامانی دامەزرێنەری جەمعییەتەکە گرتوویانەتەبەرو پێیانوابووە کە لە خزمەتی بەدیهێنانی ئامانجەکەیان(موختاریەتی ئیدارە)



شیخ سەلام شاعیر

دا دەبێت، ئەوەی تەنیاو تەنیا ئەنجامی نەخوێندنەوەیەکی واقیعبینانەو دروستی هاوکێشەو ململانێ سیاسییەکانی ناوچەکەو هۆکاری بێمتمانەیی‌و هەستکردن بە لاوازیی خودو گەڕان بەدوای فریادڕەس‌و کەوتنە داوی پڕۆپاگەندەکانی دەوڵەتی ئێران بووە.

د. کەمال لەم بارەیەوە لە وتارەکەیدا کاتێک باس لە بەندی یەکەمی نیزامنامەی جەمعییەتی زەردەشت دەکات بێئەوەی دەقی بەندی یەکەممان بۆ ڕابگوێزێت‌و بەوردیی شیکردنەوەی لەسەر بدات، دەڵێت:» بەندی یەکەمی دەربارەی پەیوەندی نێوان کوردو ئێرانییەکانە کە بەداخەوە کۆمەڵە دروست نەینرخاندووە.» لەم بارەیەوە د. جەمال نەبەز دەڵێت:» دارودەستەی ڕەزا پەهلەوی لە کۆتایی بیستەکاندا، لەکاتێکدا کە هێشتا بزووتنەوەی سمکۆ لە ئێراندا مابوو، خۆیان لە کوردی عێراق‌و تورکیا نێزیک کردبووەوە. ئەوەندەی پێوەندی ی بە کوردی عێراقەوە هەیە ،ئەوا خۆیان گەیاندبووە ئەو کوردانەی کە کۆمەڵەی ((زەردەشت)) یان لە ساڵی ١٩٢٨ دا پێک هانیبو، و بەڵنیان دابوونێ کە بە پارە پشتگیری ی یارمەتی یان بدەن و لە شاری سنە(کوردستانی ئێران)ڕۆژنامەیەک لەسەر ئەرکی حکومەتی ئێران دەربچێ، کەچی لەژێرەوە ناوی هەموو ئەو کوردانەیان دابوو بە پۆلیسی نهێنی ی عێراق و هەموو ئەو کوردانە تووشی زیندان و لەسەرکارلابردن و دوورخستنەوە و دەردەسەریێ هاتن.»١

شایەنی باسە، کاتێک باس لە ئێران دەکرێت دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم، بۆ ئێرانیش قۆناغێکی گواستنەوە بوو کە پاش کودەتای ڕەزاخان میرپەنج لەساڵی ١٩٢١، وردە وردە زەمینە بۆ لابردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی

قاجارییو لەسەرکردنی تاجی پاشایەتیی لەلایەن رەزاخانەوە بەناوی رەزا پەهلەویی لەساڵانی ١٩٢١-١٩٢٥ پێکهات. ئەو دەسەڵاتەی کە نێوەرۆکێکی ناسیونالیستانەی فارسگەراو ئاراستەیەکی ناوەندگەرایی توندوتیژی هەبوو، فارسبوونو ئێرانیبوونی بە دوو رووی دراوێک دەزانیو لەناوخۆی ئێراندا بۆ هارینی نەتەوە نەفارسەکانو سڕینەوەی کەلتورو ناسنامەیان قۆڵی لێهەڵماڵیبوو، بەتایبەتی گەلی کورد کە جوڵانەوە سیاسییو چەکدارییەکانی لەنیوەی یەکەمی دەیەی بیستەمی سەدەی بیستەمدا، لە تێکرای پارچەکانی کوردستاندا بە گەرمیی لەپێناو بەدیهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد تێدەکۆشا. دیارە لەم رووەوە کوردستانی رۆژهەڵاتیش کە لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوە لەبندەستی حکومەتەکانی ناوەندی ئێراندا مابووەوە، بەدەر نەبوو. وەک روونە هەر راستەوخۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانییو لەساڵی ١٩١٩دا، جوڵانەوەیەکی بەهێزی کوردیی لە رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بە رێبەرایەتیی ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشا.ئەو جوڵانەوەیەی کە لە ساڵی ١٩٢٣ لەلایەن هێزە ئێرانییەکانەوە گەمارۆدراو سمکۆی رێبەریشی ناچارکرا کە بۆ نێو خێڵە هاوپەیمانەکانی سنوور بکشێتەوە.

سەبارەت بە تاکتیکو شێوازی ئایندەیی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورددا لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێرانەوە، (محمەد عەلی فەروغی) نوێنەری ئێران لە تورکیا ،لەنامەیەکیدا بۆ رەزاشا لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧دا دەڵێت:«لەسەر مەسەلەی کوردستانی سەربەخۆ ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئەو مەترسی یە بۆ ئێمە ئاشکرایە.نابێ بە قسەی ئینگلیز دڵنیابین کە دەڵێ:«بە شێخ مەحموودمان(مەبەست شێخ مەحمودی بەرزنجی یە/ن) گوتوە کە کوردستانی سەربەخۆ قبوڵ ناکەین»...چونکە مەسەلەی سەربەخۆیی تازە کەوتۆتە سەر زار وزمانان...کەوابوو ئێمە دەبێ هەرچۆنێک بێ لە فیکری کوردستانی خۆمان دابین و ئەگەر بکرێ تورکەکان بکەینە هاوکاری خۆمان،بەڵام نەک بۆ لە نێوبردن و تەفروتوناکردنی کوردەکان.چونکە ئەوە خەیاڵێکی خاوە ،بەڵکو بۆ ئەوەی بە رووخۆشی رایان کێشین بۆ لای دەوڵەتی ئێران و بە شێوەی ئێران پەروەردەیان بکەین.ئەو کارە بۆ ئێمە هاسانترە هەتا بۆ تورکیا .چونکە کوردەکان لەبارەی زمان و رەسەنەوە ئێرانین و ئێستاش ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ هەستی نەتەوایەتی لە کوردەکان دا بزوێنن لە شانامەو چیرۆکی جەمشید و فەرەیدوون کەڵک وەردەگرن. ئەگەر موچەخۆرەکانی دەوڵەتی ئێران کەمێک ژیربن و تەماعیان کەمتر بێ و دەستی زۆرداری لەسەر کوردەکان هەڵگرن و بە تێکرایی تەگبیرێکی باشی بۆ بکەن،هەر نەبێ لە نێو کورد و فارس دا دوژمنایەتی و قینەبەری نامێنێ و ئەگەر هات و رۆژێک خەیاڵی کوردستانی سەربەخۆ بەهێزتر بوو ،ئەو دەم کوردەکانی ئێران ئێمە تووشی چەرمەسەری ناکەن .بەڵام ئەگەر ئاکاری موچەخۆرەکانی ئێران هەروەک جاران بێ و ئێمەش گوێ نەدەینە کوردەکان و وازیان لێ بێنین ،بە بڕوای من مەترسی نزیکە»٢.

دەبێت ئاماژە بەو راستییە بکرێت، کە دەوڵەتی شاهەنشاهیی پەهلەویی لە ئێران تا ئەو دەمەی لەناوخۆ دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای بەهێزی پێکەوە نەنابووو لەگەڵ دراوسێکانیشییدا، بەتایبەتی تورکیاو عێراق، بە تەواویی رێکنەکەتبووو کێشەکانی سنووری لەگەڵ ئەو دوو

دەوڵەتە، کە میراتی کێشە سنوورییە کۆنەکەی نێوان ئێرانو دەوڵەتی عوسمانیی بوو، یەکلانەکردبووەوە، هەوڵیدەدا سەبارەت بە کێشەی کورد لەو دوو وڵاتە، سیاسەتی لەخۆدوورخستنەوەی کێشەکە بۆ دەرەوەو خۆنزیککردنەوەو راکێشانی سەرنجی رێبەرانی کوردی تورکیاو عێراق بەلای خۆیدا بگرێتەبەرو کار لەسەر بلاوکردنەوەی ئەو پرۆپاگەندەیە بکەن کە ئێران وڵاتی کوردانەو لە ئێراندا کێشەیەک بەناوی کوردەوە نیە چونکە کوردو فارس لە هەمان رەگەزنو پێویستە کوردانیش لەسایەی شاهەنشاهیی پەهلەوییدا پابەندی بەندوباوی رەسەنی میللی ئێرانیی بن.

پێویستە بوترێت کە دەوڵەتی ئێران تاکو ساڵی ١٩٢٩، بەفەرمیی دانی بە دەوڵەتی پاشایەتیی عێراقدا نەنابوو. کۆنسوڵەکانی ئێران لە عێراق سەردانی (دار الاعتماد/ خانەی پشتپێبەستن)ی بەریتانییان دەکردو بوونی حکومەتیان لە بەغدا بە بایەخ وەرنەدەگرت. هەر لەم ماوەیەشدا کێشەکانی پێدانی جیاوک بە ئێرانییەکانی نێو عێراقو درێژکردنەوەی ماوەی خۆساغکردنەوەیان سەبارەت بە وەرگرتن یاخود رەتکردنەوەی رەگەزنامەی عێراقیی، بەشێک بوو لە هەرە



مستەفا سایب

رەگەزە سەرەکییەکانی ئاڵۆزییو ساردوسریی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانو عێراق بوو. ئەمە جگە لە کێشەی فرە ئاڵۆزی سنوورو هاتوچۆو ئەمدیوو ئەودیوکردنی خێڵە کۆچەرەکانی کوردو پاشەکشەی رێبەری جولانەوە چەکدارییەکانی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێرانەوە بۆ عێراقو بەپێچەوانەوە. لەم رووەشەوە دەوڵەتی ئێران خوازیاربوو دەمی نزیکبوونەوە لە عێراق، سەرەداوەکانی مەسەلە ئاڵۆزەکانی نێوانیان بەدەستەوە بگرێتو لە پێگەی هێزەوە لەگەڵ دەسەلاتدارانی عێراقەوە دانوساندن بکات. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدان بۆ خۆنزیککردنەوە لە چالاکوانە سیاسییە کوردەکانی عێراقو رێکخراوە سیاسییو فەرهەنگییەکانیان یەک لە تاکتیکگەلەکانی دەوڵەتی ئێران بوو .

سەبارەت بە جەمعییەتی زەردەشتو مەسەلەی نزیکبوونەوەیان لە پیاوانی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران لە عێراق، پێویستە ئاماژە بۆ راستییەک بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە رێبەرانی جەمعییەتەکە هەر لەسەرەتاوە بروایان بە دەسەلاتدارانی ئینگلیزو بەڵێنە هاوبەشەکانی بەریتانیی-عێراقیی سەبارەت بە هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد نەبوو،لە هەوڵی دۆزینەوەی دۆستو لایەنگری نوێ بوون بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆیان راوەستن. هەروەها زۆربەی ئەندامەکانی جەمعییەتی زەردەشت پێشتر لە لقی سلێمانی رێکخراوی (خۆیبوون) دا ئەندام بوون، ئەوە خۆیبوونەی کە کەوتبووە هەڵەیەکی مەزنی ستراتیژییو دۆستایەتیی گەلی کوردو ئێرانی شاهەنشاهیی پەهلەویی کردبووە یەکێک لە گرنگترین بەندی پێرەو ئومێدێکی مەزنی لەسەر بنیاتنابوو، ئەوەی کە

**له تەواوی ئێراندا لەو کاتەدا بڵاوکراوەیەک بە کوردیی دەردەچوو، نە ئێرانیش ئامادەبوو دەست لە راوەدوونانی ئەو کوردانەی ئێران هەڵبگرێت کە لەبەر داوای سیاسییو نەتەوەیی ناچاربوون ئێران جێبهێڵن**

جەمعییەتی زەردەشتیش هەر هەمان هەڵەیان دووپاتکردەوەو پاشتر نەک هەر ئەو دوو رێکخراوە، بەڵکو جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەو قۆناغەدا باجەکەی بە سەختیی دا.

لەم بارەوەیەوە شێخ سەلامی شاعیر لە پێشەکیی دیوانەکەیدا کورتە سەرنجێکی لەم رووەوە خستۆتە بەرچاو. ئەو نووسیویەتی:« لە ساڵی ١٩٢٨م دا لەگەڵ چەند کورێکی لاوا...کۆمەڵێکی نهێنی بەناوی (کۆمەڵەی زەردەشت) مان دامەزراند وە من موعتەمیدی جەمعییەتەکە بووم ( مەبەستی لقی سلێمانی جەمعییەتەکەیە/ سەردەشتیی) نێررام بۆ ئێران، لە ئێران چەند کەسێکیان پێ وتم کە تێکەڵی ئەم کۆمەڵەیە ئەبێ، وە مەرکەزمان (سنە) بێ، بە شەرایتی لای خوارەوە، بەکورتی:

١- لە مەرکەزی شاری سنە رۆژنامەیەکی سیاسیی دەربکرێ لەلایەن ئەم کۆمەڵەوە ئیدارە بکرێ، قازانجی بۆ کۆمەڵە بێ.

٢- هەرکەسێ لەم کۆمەڵانە ئەگەر لەعێراقا دووچاری جورتمو نارەحەتی هات، دەوڵەتی ئێران مەجبوور ئەبێ بیگرێتە خۆی، موافیقی وەسیقەیەک کە لە عێراقا چ جۆرە ئیشێکی کردووە، بەو جۆرە ئیشی بدرێتێ.

٣- دیپۆزیتۆی ئەو رۆژنامەیە کە لە بەندی یەکەمدا بەیان کراوە ئەبێ حکومەت بیدا، (ئاصف ئەعزەم) تعهدی دانی ئەو دیپۆزیتۆیەی کرد، بەشەرتێ رۆژنامەکە سەربەخۆ بێ، وە هەموو شتێ لەسەر تەئریخو وەسائق بنووسێ، وە تەنها لەلایەن (فرماندەی اوردوی موختەڵەتەی کوردستان) ەوە سانسۆر بکرێ.

٤- مەساریفی کرینی چاپو تیپ لەلایەن-ئاصف ئەعزەمەوە- ەوە ئیعانەو باربۆ بێت.

٥- ئاصف ئەعزەم کەفیلی ئەو ئەندامانە بێ کە لە عێراقەوە هاتوون، وە عیلاقەی بەسەر ئەو ئەندامانەوە نەبێ کە ئێرانین، وە لە ئێران دانیشتوون.

چەند مادەیەکی کە ئێستا(ساڵی ١٩٥٨/سەردەشتیی) کاتی نووسینیان نیە. هەر لەو ساڵەدا، لە پاش مانگێک گەرامەوە بۆ بەغدا کە (سمیعی خان) باڵیۆزی دەوڵەتی ئێران بوو لە بەغدا، چاوم پێیکەوت کە لە بەغدا بووم، وە پێنج جار باڵیۆزی ناوبراوم زیارەت کرد، لە سلێمانیەوە ئاگادار کرام کە کۆمەڵەکە ئاشکرا کراوە، وە پێویستە من فیرار بکەم. لەپاش لێکدانەوە بریارم دا کە بچمەوە بۆ سلێمانی. ناچار هاتمەوەو کەوتمە ژێر سەنەدی رەبت کەفالەتو مراقەبەی پۆلیس، رێگەی هاتوچۆو ئیشکردنم نەماو زۆر پەریشانو نارەحەت بووم.»

لەراستییدا، ئەم چەند دێرەی شێخ سەلام لەمەر جەمعییەتی زەردەشت نووسیونی، زۆر دەهێنرێت قسەی لەبارەوە بکرێت. سەرەتا ئەو ساڵی ١٩٢٨ی بۆ دامەزراندنی جەمعییەتەکە داناوە، بەڵام خودی جەمعییەتەکە وەک لە بەڵگەنامەکەی ئەفسەری ئیستیخباراتی ئینگلیزیدا هاتووە، ساڵی ١٩٢٦ی داناوە. هەروەها بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کە دوایی باسی لێوە دەکەین، ناوەراستی ساڵی ١٣٠٦ی هەتاویی / پایزی ١٩٢٧ زایینیی داناوە. هەروەها رۆژنامەکە بە پارەو پشتگیریی دارایی حکومەتی ئێران بێتو ئاصف ئەعزەمی دەسەڵاتدارای پایەبەرزی ئێرانی لە سنە خەرجییەکەی دابین کات، بەڵام لەلایەن جەمعییەتەکەوە ئیدارە بکرێو (سەربەخۆ)ش بێت!! رۆژنامەکەش بایەخ بە مێژووو دۆکیومێنت بدات، بێئەوەی بزانرێت کام مێژووو کام وەسائق!! ئایا

هەر قسە لە دەورانــی کۆنی پێش ئیسلام‌و سەردەمی کۆن بدرێت کـە ئاینی زەردەشـتـیـی گەلانی ناوچەکەی لەسایەی دەوڵەتێکی وەک ساسانیی کۆکردبووەوە، یان قسە لە دەورانە مێژووییەکانی دیکەو دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایەتییە کوردییەکان بکرێت، ئـەوەی بۆ خوێنەر روون نەکراوەتەوە. هـەروەهـا ئـەوەی کە حکومەتی ئێران کوردانی راکردووی عێراق بگرێتەخۆو لـەوکـارەدا لە ئێران دایـانـمـەزرێـنـێـت کـە لـە عێراق کردوویانە!! لەکاتێکدا نە لە تەواوی ئێراندا لەو کاتەدا بڵاوکراوەیەک بە کوردیی دەردەچوو، نە ئێرانیش ئامادەبوو دەست لە راوەدوونانی ئەو کوردانەی ئێران هەڵبگرێت کە لەبەر داوای سیاسیی‌و نەتەوەیی ناچاربوون ئێران جێبهێڵن‌و لە تورکیاو عێراق پـەروازە ببوون. دواتـر چۆن ئێران لە ئەندامانێک بێدەنگ دەبێت کە رەعیەتی ئێران بن‌و لەگەڵ جەمعییەتێکی کوردی نەتەوەیی عێراقدا هەڵسوڕێن کە بۆ (موختاریەتی ئیدارە) تێبکۆشێت! هـەروەهـا شێخ سـەلام باسی ئەو ئـەرکـانـەی بـۆ نـەکـردوویـن کە ئەندامانی جەمعییەتەکە لەبەرامبەر حکومەتی ئێران‌و سپۆنسەرەکانیاندا خراوەتە ئەستۆیان، بەبڕوای من ئەوەی شێخ سەلام ئاماژەی بۆ داوە کە کاتی نووسینیان نیە، دەشێت



ئیسماعیل حەقی شاوەیس

ئـەو مەرجانە بن کە حکومەتی ئێران خستویێتییە سەرشانی ئەم جەمعییەتەو دوور نیە کارکردن بێت لە چوارچێوەی پرۆپاگەندەی کێشکردنی کێشەی کورد بۆ ژێر پەرچەمی شاهەنشاهیی پەهلەویی‌و ئاگاداریی بێت لە هەڵسوڕانی دەسەڵاتدارانی بەریتانیی لە ناوچە کوردییەکانی کوردستانی عێراق، ئـەو بەریتانیانەی دەمـێـک بوو لەرێگەی ئەفسەری ئیستیخباراتیان (کاپتان ئەندەرسن)ەوە لە سلێمانی، سیخوڕێکی خۆیان خستبووە نێو شوعبەی فیدایی جەمعییەتەکەوەو وردو درشـتـی زانیارییەکانی زەردەشـتـیـان دەگەیشتە دەسـت، ئــەوەی کـە د. کـەمـال مەزهەر کردوێتییە هەوێنی بابەتەکەی خۆی لە رەنگیندا.

دواتـر شێخ سەلام دەڵێت کە هەر لەو ساڵەدا (واتە ساڵی ١٩٢٨)، گـەڕاوەتـەوەو سەردانی سەمیعی خانی کردووە لە بەغدا، لەکاتێکدا سەمیعی خان نەک لە ساڵی ١٩٢٨، بەڵکو لە ١٧ی تەموزی ١٩٢٩دا وەک وەزیـری مـوفـەوەز هاتۆتە بەغدا.

لەلایەکی ترەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە شێخ سەلام هەر لەسەرەتای نووسینەکەیدا دەڵێت نێردراوم بۆ ئێران، دیارە لەم رووەوە دەگونجێت فەرمانی چوون بۆ ئێران لە ناوەندی جەمعییەتی زەردەشتەوە لە بەغداوە بۆ شێخ سەلام لە شوعبەی فیدایی لە سلێمانی نێردرابێت. بەڵام دیارنیەئەودەمەناوەندیجەعیەتەکە لە بەغدا پەیوەندییکردنی بە ئێرانەوە لە چ لایەنێکەوە بۆ گەڵاڵە کرابێت، لەکاتێکدا ئەو دەمـە (واتـە ساڵی ١٩٢٨) هێشتا ئـێـران بە فەرمیی دانی بە دەوڵەتی عێراقدا نەنابوو، پۆستە دپلۆماسییەکانی نێوانیشیان ئاڵوگۆڕنەکرابوو، بەڵام لە بەغدا کۆنسوڵخانەی ئێران هەبوو، ئەوەی دوای کرایە سەفارەت. ئەز پێموایە کە پەیوەندییکردن بە حکومەتی

**هەریەک لە بەریتانییەکان‌و ئێرانییەکانیش دزەیان کردبووە جەمعییەتی زەردەشتەوەو دەزگا هەواڵگرەکانی هەردوو دەوڵەت لە ڕێگەی سیخورە ئیسفنجسیفەتەکانیانەوە لە ناوچەکە ئاگاداریی هەڵسوڕانی جەمعییەتەکە بوون**

ئێرانەوە مەسەلەیەک بێت زیاتر لە نێو خودی ئێرانەوە بەرنامەڕێژیی بۆ کرابێت، دیارە شێخ سەلام کاتێک باس لە گەڕانەوەی خۆی دەکات لە ئێران، ئاماژەی بە پێنج جار سەردانی خۆی کردووە بۆ لای سەمیعی خانی وەزیری موفەوەز کە لە سەفارەتی ئێران جێگیر بوو، بەڵام باس ئەوەی نەکردووە چ باس‌وخواسێک لەگەڵ سەعادەتی سەفیردا گوزەراوە، وەک لەخوارەوە دەردەکەوێت کە سەمیعی خان وەزارەتی دەرەوەی لە وردەکاریی هەواڵەکانی جەمعییەتی زەردەشت لە عێراق ئاگادارکردۆتەوە، هەرچەندە، دوای تێپەڕینی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر چاوپێکەوتنەکانی شێخ سەلام‌و سەمیعی خان، سەفارەتی ئێران لە بەغداوە لە سەرماوەرزی ١٣١٠/ دیسەمبەری ١٩٣١دا ڕاپۆرتێکی(سی ئێم دی) داوەتە وەزارەتی دەرەوە، باس لە جەمعییەتی زەردەشت دەکات‌و تێیدا هاتووە» کۆمیتەی زەردەشت لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە لەوانەش محەمەد ئەمین زەکی بەگەوە دامەزراوەو لەپێناو یەکخستنی کوردان لە دەوری ئاینی زەردەشت هەڵدەسوڕێن‌و لەگەڵ ناوەندی زەردەشتییان لە هندستان پەیوەندییان هەیەو چەندین کتێبیشیان لەو ناوەندەوە خواستووە کە خەریکی خوێندنەوەین‌و تەنانەت لە خوێندنگاکانی خۆشیاندا بڵاویدەکەنەوە. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون ئەم کۆمیتەیە لە سۆنگەی ئەوەوە کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی شێخ‌و سەرخێڵەکانی کوردن، هەربۆیە تا ئێستا پێنەگەشتووە. بەهەر حاڵ ئامانجی کۆمیتەی زەردەشت ئەوەیە کە کوردان پەیرەوی ئاینی ڕەسەن‌و بەرایی خۆیان بن کە زەردەشتییەو لەم ڕێگەیەشەوە ئەوان لە خورافات ڕزگاربکەن‌و تێکرا یەکدەست‌و یەکگرتوو بن.»

لەراستییدا، وەزارەتی دەرەوەی ئێران کە لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٣٠دا، گرنگیی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراقی بۆ سەفارەتی ئێرانی لە بەغدا دووپاتکردۆتەوەو پێویستیی کۆکردنەوەی کۆکردنەوەی هەواڵی گرنگی سیاسیی‌و ئابووریی ناوچەکەو چالاکیی لایەنە دەرەکییەکان‌و دامەزراوە کوردییەکان کراوەتە ئەرکی کۆنسوڵەکانی ئێرانیی لە شارەکانی موسڵ‌و سلێمانی. وێڕای ئەوەش، دەوڵەتی ئێران بۆخۆی بەجیا لە وەزارەتی دەرەوە، بۆ هەواڵهەڵگرتنەوەو سیخوریی ڕەوانەی کوردستانی عێراق کردووە، ئەوەی لەراپۆرتەکانییدا باسی لە بوونی کارمەندانی ئینگلیزو دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا کردووە، ئەو سیخورەی کە پاش ماوەیەک دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقەوە ناسرایەوەو ناچارکرا بگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەمەش مانای ئەوەیە کە فایلی سەرەکی جەمعییەتی زەردەشت لەنێو سەفارەتی ئێرانی لە بەغدا نەبووەو سەفیری ئێرانی نوێ کە (تەقی خان) بوو، لە وردەکارییەکانی ئەو جەمعییەتە ئاگادار نەبووە.

لە وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکەی سەفارەتی ئێران لە بەغدا، بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەڵێت:» بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەیەتی، کۆمیتەی ناوبراو هەروەک کۆمیتەی خۆیبوون بەدوای مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانەوەیەو ئەو کۆمیتەیەی

ناوی زەردەشتەو ناوەندەکەی لە سلێمانیەو بە هاندانی بێگانەو لەپێناو مەبەستگەلێکی تایبەتدا لە سەرەتای ساڵی ١٣٠٦/نــاوەڕاســتــی ساڵی ١٩٢٧ دامەزراوەو بەهیچ جۆرێک پەیوەندیی بە برەوپێدانی ئاینی زەردەشتیی لەنێوان کورداندا نیە. زۆرینەی ئەندامەکانی ئەم کۆمیتەیە لەسەر ڕێبازی سوننین‌و زۆربەیان شافیعیی مەزهەبن. کۆمیتەی ناوبراو بــەڕواڵــەت وا دەردەخـــات کە بە کــۆمــەک‌و هاوکاریی دەوڵــەتــی شاهەنشاهیی مەرامەکانی خۆی ئەنجامدەدات‌و لەوانە کوردستانی عــێــراق بە کوردستانی ئێرانەوە ببەستێتەوە. لەساڵانی رابــردوودا لەمبارەیەوە لـەلایـەن ژێــنــراڵــی کۆنسولگەری پێشووی ئێرانەوە لە بەغدا راپۆرتگەلێکی گەیاندۆتە وەزارەتی دەرەوەو کۆمیتەی ناوبراو مەرامەکانی خۆیان بە نووسین پێشەکەش بە دەوڵەتی شاهەنشاهیی کردووە. ئەوەی وەزیری ئابووریی عێراق(مەبەستی محەمەد ئەمین زەکی بەگە/سەردەشتیی) قسەی لــێــوەکــردووە مەعلوم نیە پشت بــە چ بـنـەمـایـەک دەبـەسـتـێـت‌و لەوانەی بیەوێت لەژێر ناونیشانی بڵاوەپێکردنی ئاینی زەردەشتیی مەبەستەکانی کۆمیتەی ناوبراو پەردەپۆشبکات‌و لە چاوی هەردوو دەوڵەتی ئێران‌و تورکیادا وەک جەمعییەتێکی ئاینیی لەقەڵەمبدرێت.

بەهەرحاڵ ئــەوەی لەمبارەیەوە هەڵدەهێنجرێت ئەوەیە کە لە خاکی عێراقدا دامەزراندنی ئەم جۆرە کۆمیتانە بێ چاودێریی‌و ئاگاهیی کارمەندانی بیانیی ئەنجام نادرێت‌و ئەو کوردانەی لەنێو دەزگاکانی دەوڵــەتــی عێراقدا خزمەتدەکەن جێگەی باوەڕو متمانە نین.»

لــەڕاســتــیــدا، هــەریــەک لە بەریتانییەکان‌و ئێرانییەکانیش دژەیان کردبووە جەمعییەتی زەردەشتەوەو دەزگــا هەواڵگرەکانی هــەردوو دەوڵـــەت لــە ڕێــگــەی سیخورە ئیسفنجسیفەتەکانیانەوە لە ناوچەکە ئاگاداریی هەڵسوڕانی جەمعییەتەکە بــوون‌و ئەندامەکانیان ناسیبوون، هەربۆیە یە تەواویی نازانرێت‌و بەڵگەی ئــەوە لەبەردەستدا نین کە کــام لــەو دوولایــەنــە تــەواوی ئــەو هــەواڵانــەیــان گەیاندووەتە حکومەتی عێراق‌و بووەتە هۆکاری گرتن‌و پەرتەوازەبوونی ئەندامانی زەردەشت لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێر اقــەوە. ئــەوەی هەیە دەشێت کــە بەریتانییەکان لــە سۆنگەی ئــەوەی کە کاریان بۆ بەرنامەی بەستنەوەی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی تازە داتاشراوی عێراقەوە دەکرد، نزیکبوونەوەی جەمعییەتی زەردەشـــت‌و حکومەتی ئێرانیان پێ خۆش نەبوویێت‌و کارکردنی زەردەشــتــیــان بــۆ بـەسـتـنـەوەی باشووری کوردستان بە کوردستانی بندەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە گورزێکی دژ بە بەرنامەو پرۆژە سیاسییە کۆڵۆنیالییە ئایندەییەکەی خۆیان لە میسۆپۆتامیادا لێکدابێتەوەو هەنگاویان بۆ شناسایی ئەندامانی جــەمــعــیــیــەتــی زەردەشــــــت‌و پەرتەوازەکردنی ئەندامەکانی نابێت. بەتایبەتیی ئەو دەمە بەریتانییەکان لەعێراقی بن مانداتی خۆیاندا، نفوزێکی زۆریـــان لــە ڕێگەی راوێژکارەکانیانەوە هەبووو خاوەن قسەی باڵابوون بەتایبەت لە مەسەلە سیاسیی‌و ئەمنییەکانی وڵاتــدا، بەتایبەتتر لە کوردستان کە هێشتا دەسـەڵاتـی بەغدا لە ناوچەکەدا جێگیریی بــەخــۆوە نــەدیــبــووو زیاتر کارمەندانی بەریتانیی بە سەرپەرشتیی کارو بارە ئەمنییەکانی رادەگەیشتن. دیارە تا پەیدابوونی بەڵگەی نوێ ئەم بۆچوونە وەک ئــەگــەرو گــریــمــانــەیــەک نەک راستیەکی چەسپاو دەمێنێتەوە.

دیارە لەم ڕووەوە، ناکرێت بە ئەگەرێکی وا دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لە هێرشکردنە سـەر جەمعییەتی زەردەشـــت بــێ ئــۆبــاڵ بزانین‌و ئەستۆپاکییان رابگەیەنرێت، چونکە هــەر لــەو ساڵەی تێدا پەلاماری جەمعییەتەکە درا، وەرچەرخانێکی ئاشکرا لە کرانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو دەوڵەتی عێراق‌و ئێران هاتەپێش‌و لە دوای دانانی فەرمی ئێران بە دەوڵەتی عێراق‌و

گۆڕینەوەی پۆستە دپلۆماسییەکان و چوونی (تۆفیق ئەلسویدی) بۆ ئێران وەک نوێنەری عێراق لەتاران ، ئەم نوێنەرە دپلۆماسییە لەگەڵ (تەیمورتاش)ی وەزیری دەرباری ئێران دانیشتنی کردووەو ناوبراو لەوە ئاگاداری کردۆتەوە کە دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران لەمەڕ سیاسەتی چاوپۆشینی عێراق لەئاست کوردو مافەکانیان نیگەرانەو داوای گرتنەبەری سیاسیەتێکی هاوبەشی دژ بەگەلی کورد کردووە. هەروەها کاتێک پاشتر مەلیک فەیسەڵ لەگەڵ ژمارەیەک لە سیاسەتکارانی حکومەتی عێراق لە ٢٢ی نیسانی ١٩٣٢دا سەردانی تارانیان کردو لەگەڵ وەزیری دەرباری ئێرانو وەزیردی دەرەوەدا کۆبوونەوە، ئێرانییەکان داوایان لە مەلیک فەیسەڵ کرد رێگە نەدەن مەیلی سەربەخۆخوازیی کوردان پەرە بسێنێت. لەراستییدا پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەوە لێرەبەدواوە تادەهات بەهێزتر دەبوو، بەچەشنێک کێشەی کورد کە پێشتر رەگەزێکی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بوو، بووە رەگەزێکی نزیکبوونەوەو پتەوبوونی پەیوەندییەکان، ئەوەش بە روونی لە چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکانو رێکەوتنە دوولایەنەکاندا رەنگیدایەوەو پاشتریش بووە بەندێکی سەرەکیی پەیمانی (سەعدئاباد) کە هەردوو دەوڵەتەکەو دەوڵەتانی دیکەی بەشدارو هاوپەیمان.

## سەرچاوەکان


١- - جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری (قەومیەت)ی رۆژهەلاتی و نەبیری (ناسیۆنالیزم ) ی رۆژئاوایی یە , بلاوکراوەی خوێنکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا , بنکەی چاپەمەنی ئازاد , سوید ١٩٨٤، ل ١٢٥ .

٢ - وەرگیراوە لە: دکتور عبدالرحمن قاسملو , کوردستان و کورد , لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی وئابووری , وەرگێرانی : عبدالله حسن زادە , لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا , ١٩٧٣ز ، ل ٢٩٧-٢٩٩.

٣- دیوانی سەلام، چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٩١، ل ٣٨-٣٩،

مرکز اسناد تاریخی وزارت امور خارجە، پروندە شمارە ٨٢-١٦-١٣١٠. وەرگیراوە لە:

٤-مسعود کوهستانی نژاد، چالشهاو تعاملات ایرانو عراق در نیمەو سدەو بیستم ، تهران ، ١٣٨٤، ل ٢٦٩.

٥- رۆژنامەی (ژیان) ، ژمارە ١٨٧، ٢٢ تموز ١٩٢٩.

-٦ مرکز اسناد تاریخی وزارت امور خارجە، پروندە شمارە ٨٢-١٦-١٣١٠. وەرگیراوە لە: مسعود کوهستانی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦-٢٨٧.

٧- مرکز اسناد تاریخی وزارت امور خارجە، پروندە شمارە ١٤٤-١٦-١٣٠٩. وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە، ل٢٨٦

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- توفیق السویدی، مژکراتی، نصف قرن تاریخ العراق و القچیە العربیە، گ٢، بغداد، ١٩٩٩، ص ٢٠١.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣١-٢٣٣.

ملململانێیەکی قورسەوەو هەڵمەتێکی پرۆپاگەندەیی مەزنیان لەناوچەکە بەڕێوەبرد، تائەو کاتەی لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٥دا لایەنەکان گەیشتنە ڕێکەوتننامەیەک و مەسەلەکە لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بەقازانجی دەوڵەتی تازەداتاشراوی عێراق یەکالاکرایەوە، بەو مەرجەی مافەکانی زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمەکە کە کوردە لەبەرچاوبگیرێت، ئەوەی کرایە مەرج بەسەر عێراقەوە تا بتوانێت وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لە ئایندەدا لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دانپیێدابنرێت.

دەوڵەتی کۆلۆنیاڵی بەریتانیی‌و حکومەتی عەرەبیی لەعێراق، پێکەوە کەوتنە گرتنەبەری تەکتیکگەلێک بۆلاوازکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئەوپەڕیی توندوتیژیی‌و کۆمەڵکوژییان لە پێناو بەستنەوەی ڕاستەوخۆی باشووری کوردستان بە دەوڵەتە داتاشراوەکەی عێراق گرتەبەر. بەوەش توانییان دەسەڵاتە کوردییەکەی باشووری کوردستان لە سلێمانی برووخێنن‌و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود دابمرکێنن، بەچەشنێک لەساڵی ١٩٢٧دا، شێخ ناچاربوو بچێتە گوندی پیران لە دیوی ئێران دابنیشێت. بەلاوازبوونی جوڵانەوەی چەکداریی، بۆشاییەک پێکهات کە هەوڵدرا لەلایەن خوێندەواران‌و مونەوەرانی



مەلیک فەیسەل و ڕەزاشا بەهلەوی

**دەوڵەتی کۆلۆنیاڵی بەریتانیی‌و حکومەتی عەرەبیی لەعێراق، پێکەوە کەوتنە گرتنەبەری تەکتیکگەلێک بۆلاوازکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئەوپەڕیی توندوتیژیی‌و کۆمەڵکوژییان لە پێناو بەستنەوەی ڕاستەوخۆی باشووری کوردستان بە دەوڵەتە داتاشراوەکەی عێراق گرتەبەر**

کوردی ئەو دەمی باشووری کوردستان پڕیکرێتەوە، ئەوانەی کە خوازیاربوون لەڕێگەی کارو تێکۆشانی سیاسیی ڕێکخراوەیی‌و فەرهەنگییەوە، کوردان لەدەوری یەک کۆبکەنەوەو بەشێوازی

**جەمعییەتەکە لەلایەن روناکبیری کورد (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) دامەزرێنراوەو مەڵبەندی ناوەندی جەمعییەتەکە لە شاری بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عێراق بووە**

پێشکەشکردنی مەزبەتەو داواکاریی نووسراو لە دەوڵەتانی مەزنو کۆمەڵەی گەلان، هەوڵی بەدیهێنانی مافەکانو جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بدرێت.

«جەمعییەتی زەردەشت» یەک لەو رێکخراوانەیە کە لەلایەن خوێندەوارە کوردە نیشتمانپەرەوەرەکانی ئەو دەمەوە دامەزراوەو هەوڵیداوە لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا تێبکۆشێت. ئەو جەمعییەتەی کە تاکو ئێستا لە سەرچاوەو نووسراوە مێژووییەکاندا وردەکارییەکانی بەروونیی نەخراونەتە بەرچاوو زۆر لایەنی شاراوەو تەمومژاوییە. هەربۆیە سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنو ئەندامەکانو لایەنگرو بەرنامەو شێوەی ئیشکردنی سەرنجی جۆراوجۆر خراونەتەروو . بۆ نموونە، (سدیق ساڵح) لە ل ٤٢ی ئەو لێکۆڵینەوەیەی سەبارەت بە بەرگی دووەمی رۆژنامەی «ژیان» کردوویەتیو لە ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوکراوەتەوە، کاتێک باس لە شێخ سەلامی شاعیر دەکات، باسی ئەم جەمعیەتەش دەکاتو دەنووسێت:»پێشترو ساڵی ١٩٢٦، لەگەڵ کۆمەڵێک رۆشنبیری شاری سلێمانیدا، بەهاوکاری ی مەحموودخانی کانی سانان،(جەمعییەتی زەردەشتی) یان دامەزراندووە»، لەکاتێکدا کە ئەو بابەتەی کە (د.کەمال مەزهەر) ساڵی ١٩٩٦ لە گۆڤاری (رەنگین)دا لەژێر ناونیشانی»خێروبێری راپۆرنووسێکی کورد» بڵاویکردۆتەوە، کە بە بڕوای ئێمە زۆر لایەنی گرنگی ئەم جەمعییەتەی ئاشکراکردووە، بە روونیی ئەوەی پێشانداوە، جەمعییەتەکە لەلایەن روناکبیری کورد (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) دامەزرێنراوەو مەڵبەندی ناوەندی جەمعییەتەکە لە شاری بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عێراق بووەو نەک مەحموودخانی کانی سانان هاوکاریی دامەزراندنی نەکردووە، بەڵکو وێڕای ئەوەی جەمعییەتەکە بە دەستخەتی (مستەفا سایب) نامەی ئاراستەی مەحموودخان کردووە لە ئێران بۆئەوەی کۆششو هاوکارییان بکات، کەچی مەحموودخان خۆی لە وەڵامدانەوە بواردووە. دیارە نووسینەکەی د.کەمال کە پشت بە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیی دەبەستێت کە لەلایەن کاپتن ئەندەرسنی ئەفسەری ئیستیخباراتی بەریتانییەوە لە سلێمانی ئاراستەی ئیستیخباراتی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە بەغدا کراوە. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە، جەمعییەتی زەردەشت دوو لقی هەبووە، یەکێکیان لە سلێمانی بەناوی(شوعبەی فیدایی)و ئەوی دیکەشیان لە هەولێر بووە، جگە لەوەی لەساڵی ١٩٢٨دا بڕیار لە کردنەوەی شوعبەیەک لە شاری رەواندز کردووە بۆ پرۆپاگەندە کردن لە کوردستانی باکوور. ئەم جەمعییەتە پەیوەندیی بە «سابیری کەریم بەگی هەمەوەند»و چەند بەگزادەیەکی پشدەرییەکانەوە کردووەو نامەی بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجیش ناردووە لە پیرانو نەک هەر داوای شێخیان بۆ بوونە ئەندام پەسەند کردووە، بەڵکو کردووشیانەتە سەرۆکی فەخری جەمعییەتەکەیان.

ئەندامانی دامەزرێنەری جەمعییەتی زەردەشت بریتیبوون لە «ئیسماعیل شاوەیس، مستەفا سایب، فوئاد مەستی، عوسمان فایەق، کامیل حەسەن، کەریم سەعید، کەریم شالوم، شەوکەت عەزمی بەگ، شێخ سەلام، عەیدولواحید نوری، ئەحمەد عەزیز ئاغا»و ئامانجی «موختاریەتی ئیدارە» بووە بۆ کورد کە بە واتەی

خودموختاریی یان ئۆتۆنۆمیی دێت. نیزامنامەی جەمعییەتەکە لە شازدە بەند پێکهاتووە کە هەوڵی ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆی جەمعییەتەکە دەداتو مەرجەکانی ئەندامەتییش دیاریی دەکات. هەر ئەندامێک لە شوعبەکەی خۆیدا پێویستە مانگانە ٥ ڕوپیێ ئابونە بدات. شێوەی ڕێکخستنی جەمعییەتەکەش هێشوویی بووە، لە هەر شوعبەیەکدا موعتەمیدو مەئمورو دوو ئەندام وەک دەستەیەکی کارگێریی هەڵسوراونو مەسەلە پربایەخەکانیان دوور لە ئەندامان بەڕێوەبردووە. شایەنی باسە، لە تێکرای ئەو بەندانەی نیزامنامە، بەندی پازدەیەمین جێگەی سەرنجە، ئەویش ئەوەیە کە هەرکەسێک بیەوێت ببێتە ئەندام، دەبێت پەرەیەکی سپی بۆ جەمعییەتەکە ئیمزا بکات تا وەک گرێنتی پابەندبوونی ئەندامەکەوە بێت بە فەرمانی جەمعییەتو نەتوانێت بەروویدا بوەستێتەوە!

ئەوەی لەم وتارەدا جێگای بایەخی ئێمەیە، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان جەمعییەتی زەردەشتو حکومەتی شاهەنشاهیی پەهلەویی لە ئێرانو ئەو تێروانینە نادروستو ستراتیژە گێرەیە کە هەر لەسەرەتاوە ئەندامانی دامەزرێنەری جەمعییەتەکە گرتوویانەتەبەرو پێیانوابووە کە لە خزمەتی بەدیهێنانی ئامانجەکەیان(موختاریەتی ئیدارە)



شیخ سەلام شاعیر

دا دەبێت، ئەوەی تەنیاو تەنیا ئەنجامی نەخوێندنەوەیەکی واقیعبینانەو دروستی هاوکێشەو ململانێ سیاسییەکانی ناوچەکەو هۆکاری بێمتمانەییو هەستکردن بە لاوازیی خودو گەڕان بەدوای فریادرەسو کەوتنە داوی پرۆپاگەندەکانی دەوڵەتی ئێران بووە.

د. کەمال لەم بارەیەوە لە وتارەکەیدا کاتێک باس لە بەندی یەکەمی نیزامنامەی جەمعییەتی زەردەشت دەکات بێئەوەی دەقی بەندی یەکەممان بۆ رابگوێزێتو بەوردیی شیکردنەوەی لەسەر بدات، دەڵێت:» بەندی یەکەمی دەربارەی پەیوەندی نێوان کوردو ئێرانییەکانە کە بەداخەوە کۆمەڵە دروست نەینرخاندووە.» لەم بارەیەوە د. جەمال نەبەز دەڵێت:» داروودەستەی ڕەزا پەهلەوی لە کۆتایی بیستەکاندا، لەکاتێکدا کە هێشتا بزووتنەوەی سمکۆ لە ئێراندا مابوو، خۆیان لە کوردی عێراقو تورکیا نێزیک کردبووەوە. ئەوەندەی پێوەندی ی بە کوردی عێراقەوە هەیە ،ئەوا خۆیان گەیاندبووە ئەو کوردانەی کە کۆمەڵەی ((زەردەشت)) یان لە ساڵی ١٩٢٨ دا پێک هانیبو، و بەڵنیان دابوونێ کە بە پارە پشتگیری ی یارمەتی یان بدەن و لە شاری سنە(کوردستانی ئێران)ڕۆژنامەیەک لەسەر ئەرکی حکومەتی ئێران دەربچێ، کەچی لەژێرەوە ناوی هەموو ئەو کوردانەیان دابوو بە پۆلیسی نهێنی ی عێراق و هەموو ئەو کوردانە تووشی زیندان و لەسەر کارلابردن و دوورخستنەوە و دەردەسەرێ هاتن.»١

شایەنی باسە، کاتێک باس لە ئێران دەکرێت دەبێت ئاماژە بەو راستییە بکرێت کە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم، بۆ ئێرانیش قۆناغێکی گواستنەوە بوو کە پاش کودەتای ڕەزاخان میرپەنج لەساڵی ١٩٢١، وردە وردە زەمینە بۆ لابردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی

قاجارییو لەسەرکردنی تاجی پاشایەتیی لەلایەن رەزاخانەوەبەناوی رەزا پەهلەویی لەساڵانی ١٩٢١-١٩٢٥ پێکهات. ئەو دەسەڵاتەی کە نێوەرۆکێکی ناسیونالیستانەی فارسگەراو ئاراستەیەکی ناوەندگەرایی توندوتیژی هەبوو، فارسبوونو ئێرانیبوونی بە دوو رووی دراوێک دەزانیو لەناوخۆی ئێراندا بۆ هارینی نەتەوە نەفارسەکانو سرینەوەی کەلتورو ناسنامەیان قۆڵی لێهەڵماڵیبوو، بەتایبەتی گەلی کورد کە جوڵانەوە سیاسییو چەکدارییەکانی لەنیوەی یەکەمی دەیەی بیستەمی سەدەی بیستەمدا، لە تێکرای پارچەکانی کوردستاندا بە گەرمیی لەپێناو بەدیهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد تێدەکۆشا. دیارە لەم رووەوە کوردستانی رۆژهەڵاتیش کە لەدوای شەری چاڵدێرانەوە لەبندەستی حکومەتەکانی ناوەندی ئێراندا مابووەوە، بەدەر نەبوو. وەک روونە هەر راستەوخۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانییو لەساڵی ١٩١٩دا، جوڵانەوەیەکی بەهێزی کوردیی لە رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بە رێبەرایەتیی ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشا.ئەو جوڵانەوەیەی

کە لە ساڵی ١٩٢٣ لەلایەن هێزە ئێرانییەکانەوە گەمارۆدراو سمکۆی رێبەریشی ناچارکرا کە بۆ نێو خێڵە هاوپەیمانەکانی سنوور بکشێتەوە.

سەبارەت بە تاکتیکو شێوازی ئایندەیی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورددا لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێرانەوە، (محمەد عەلی فەروغی) نوێنەری ئێران لە تورکیا ،لەنامەیەکیدا بۆ رەزاشا لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧دا دەڵێت:»لەسەر مەسەلەی کوردستانی سەربەخۆ ئەمن لەو باوەرەدام کە ئەو مەترسی یە بۆ ئێمە ئاشکرایە.نابێ بە قسەی ئینگلیز دڵنیابین کە دەڵێ:»بە شێخ مەحموودمان(مەبەست شێخ مەحمودی بەرزنجی یە/ن) گوتوە کە کوردستانی سەربەخۆ قبوڵ ناکەین«...چونکە مەسەلەی سەربەخۆیی تازە کەوتۆتە سەر زار وزمانان...کەوابوو ئێمە دەبێ هەرچۆنێک بێ لە فیکری کوردستانی خۆمان دابین و ئەگەر بکرێ تورکەکان بکەینە هاوکاری خۆمان،بەڵام نەک بۆ لە نێوبردن و تەفروتوناکردنی کوردەکان.چونکە ئەوە خەیاڵێکی خاوە ،بەڵکو بۆ ئەوەی بە رووخۆشی رایان کێشین بۆ لای دەوڵەتی ئێران و بە شێوەی ئێران پەروەردەیان بکەین.ئەو کارە

بۆ ئێمە هاسانترە هەتا بۆ تورکیا .چونکە کوردەکان لەبارەی زمان و رەسەنەوە ئێرانین و ئێستاش ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ هەستی نەتەوایەتی لە کوردەکان دا بزوێنن لە شانامەو چیرۆکی جەمشید و فەرەیدوون کەڵک وەردەگرن. ئەگەر موچەخۆرەکانی دەوڵەتی ئێران کەمێک ژیربن و تەماعیان کەمتر بێ و دەستی زۆرداری لەسەر کوردەکان هەڵگرن و بە تێکرایی تەگبیرێکی باشی بۆ بکەن،هەر نەبێ لە نێو کورد و فارس دا دوژمنایەتی و قینەبەری نامێنێ و ئەگەر هات و رۆژێک خەیاڵی کوردستانی سەربەخۆ بەهێزتر بوو ،ئەو دەم کوردەکانی ئێران ئێمە تووشی چەرمەسەری ناکەن .بەڵام ئەگەر ئاکاری موچەخۆرەکانی ئێران هەروەک جاران بێ و ئێمەش گوێ نەدەینە کوردەکان و وازیان لێ بێنین ،بە بروای من مەترسی نزیکە«٢ .

دەبێت ئاماژە بەو راستییە بکرێت، کە دەوڵەتی شاهەنشاهیی پەهلەویی لە ئێران تا ئەو دەمەی لەناوخۆ دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای بەهێزی پێکەوە نەنابووو لەگەڵ دراوسێکانیشیدا، بەتایبەتی تورکیاو عێراق، بە تەواویی رێکنەکەتبووو کێشەکانی سنووری لەگەڵ ئەو دوو

دەوڵەتە، کە میراتی کێشە سنوورییە کۆنەکەی نێوان ئێرانو دەوڵەتی عوسمانیی بوو، یەکلانەکردبووەوە، هەوڵیدەدا سەبارەت بە کێشەی کورد لەو دوو وڵاتە، سیاسەتی لەخۆدوورخستنەوەی کێشەکە بۆ دەرەوەو خۆنزیککردنەوەو راکێشانی سەرنجی رێبەرانی کوردی تورکیاو عێراق بەلای خۆیدا بگرێتەبەرو کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو پرۆپاگەندەیە بکەن کە ئێران وڵاتی کوردانەو لە ئێراندا کێشەیەک بەناوی کوردەوە نیە چونکە کوردو فارس لە هەمان رەگەزنو پێویستە کوردانیش لەسایەی شاهەنشاهیی پەهلەوییدا پابەندی بەندوباوی رەسەنی میللی ئێرانیی بن.

پێویستە بوترێت کە دەوڵەتی ئێران تاکو ساڵی ١٩٢٩، بەفەرمیی دانی بە دەوڵەتی پاشایەتیی عێراقدا نەنابوو. کۆنسوڵەکانی ئێران لە عێراق سەردانی (دار الاعتماد/ خانەی پشتپێبەستن)ی بەریتانییان دەکردو بوونی حکومەتیان لە بەغدا بە بایەخ وەرنەدەگرت. هەر لەم ماوەیەشدا کێشەکانی پێدانی جیاوک بە ئێرانییەکانی نێو عێراقو درێژکردنەوەی ماوەی خۆساغکردنەوەیان سەبارەت بە وەرگرتن یاخود رەتکردنەوەی رەگەزنامەی عێراقیی، بەشێک بوو لە هەرە



مستەفا سایب

رەگەزە سەرەکییەکانی ئاڵۆزییو ساردوسریی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانو عێراق بوو. ئەمە جگە لە کێشەی فرە ئاڵۆزی سنوورو هاتوچۆو ئەمدیوو ئەودیوکردنی خێڵە کۆچەرەکانی کوردو پاشەکشەی رێبەری جوڵانەوە چەکدارییەکانی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێرانەوە بۆ عێراقو بەپێچەوانەوە. لەم رووەشەوە دەوڵەتی ئێران خوازیاربوو دەمی نزیکبوونەوە لە عێراق، سەرەداوەکانی مەسەلە ئاڵۆزەکانی نێوانیان بەدەستەوە بگرێتو لە پێگەی هێزەوە لەگەڵ دەسەلاتدارانی عێراقەوە دانوساندن بکات. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدان بۆ خۆنزیککردنەوە لە چالاکوانە سیاسییە کوردەکانی عێراقو رێکخراوە سیاسییو فەرهەنگییەکانیان یەک لە تاکتیکگەلەکانی دەوڵەتی ئێران بوو .

سەبارەت بە جەمعییەتی زەردەشتو مەسەلەی نزیکبوونەوەیان لە پیاوانی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران لە عێراق، پێویستە ئاماژە بۆ راستییەک بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە رێبەرانی جەمعییەتەکە هەر لەسەرەتاوە بروایان بە دەسەلاتدارانی ئینگلیزو بەڵێنە هاوبەشەکانی بەریتانیی- عێراقیی سەبارەت بە هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد نەبوو، لەهەوڵی دۆزینەوەی دۆستو لایەنگری نوێ بوون بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆیان راوەستن. هەروەها زۆربەی ئەندامەکانی جەمعییەتی زەردەشت پێشتر لە لقی سلێمانی رێکخراوی (خۆیبوون) دا ئەندام بوون، ئەوە خۆیبوونەی کە کەوتبووە هەڵەیەکی مەزنی ستراتیژییو دۆستایەتیی گەلی کوردو ئێرانی شاهەنشاهیی پەهلەویی کردبووە یەکێک لە گرنگترین بەندی پێڕەو ئومێدێکی مەزنی لەسەر بنیاتنابوو، ئەوەی کە

**لە تەواوی ئێراندا لەو کاتەدا بڵاوکراوەیەک بە کوردیی دەردەچوو، نە ئێرانیش ئامادەبوو دەست لە راوەدوونانی ئەو کوردانەی ئێران هەڵبگرێت کە لەبەر داوای سیاسییو نەتەوەیی ناچاربوون ئێران جێبهێڵن**

جەمعییەتی زەردەشتیش هەر هەمان هەڵەیان دووپاتکردەوەو پاشتر نەک هەر ئەو دوو رێکخراوە، بەڵکو جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەو قۆناغەدا باجەکەی بە سەختیی دا.

لەم بارەوەیەوە شێخ سەلامی شاعیر لە پێشەکیی دیوانەکەیدا کورتە سەرنجێکی لەم رووەوە خستۆتە بەرچاو. ئەو نووسیویەتی:« لە ساڵی ١٩٢٨م دا لەگەڵ چەند کورێکی لاوا...کۆمەڵێکی نهێنی بەناوی (کۆمەڵەی زەردەشت) مان دامەزراند وە من موعتەمیدی جەمعییەتەکە بووم ( مەبەستی لقی سلێمانی جەمعییەتەکەیە/ سەردەشتیی) نێررام بۆ ئێران، لە ئێران چەند کەسێکیان پێ وتم کە تێکەڵی ئەم کۆمەڵەیە ئەبێ، وە مەرکەزمان (سنە) بێ، بە شەرایتی لای خوارەوە، بەکورتی:

١- لە مەرکەزی شاری سنە رۆژنامەیەکی سیاسیی دەربکرێ لەلایەن ئەم کۆمەڵەوە ئیدارە بکرێ، قازانجی بۆ کۆمەڵە بێ.

٢- هەرکەسێ لەم کۆمەڵانە ئەگەر لەعێراقا دووچاری جورتمو نارەحەتی هات، دەوڵەتی ئێران مەجبوور ئەبێ بیگرێتە خۆی، موافیقی وەسیقەیەک کە لە عێراقا چ جۆرە ئیشێکی کردووە، بەو جۆرە ئیشی بدرێتێ.

٣- دیپۆزیتۆی ئەو رۆژنامەیە کە لە بەندی یەکەمدا بەیان کراوە ئەبێ حکومەت بیدا، (ئاصف ئەعزەم) تعهدی دانی ئەو دیپۆزیتۆیەی کرد، بەشەرتێ رۆژنامەکە سەربەخۆ بێ، وە هەموو شتێ لەسەر تەئریخو وەسائق بنووسێ، وە تەنها لەلایەن (فرماندەی اوردوی موختەڵەتەی کوردستان) ەوە سانسۆر بکرێ.

٤- مەساریفی کرینی چاپو تیپ لەلایەن-ئاصف ئەعزەمەوە- ەوە ئیعانەو باربۆ بێت.

٥- ئاصف ئەعزەم کەفیلی ئەو ئەندامانە بی کە لە عێراقەوە هاتوون، وە عیلاقەی بەسەر ئەو ئەندامانەوە نەبێ کە ئێرانین، وە لە ئێران دانیشتوون.

چەند مادەیەکی کە ئێستا(ساڵی ١٩٥٨/سەردەشتیی) کاتی نووسینیان نیە. هەر لەو ساڵەدا، لە پاش مانگێک گەرامەوە بۆ بەغدا کە (سمیعی خان) باڵیۆزی دەوڵەتی ئێران بوو لە بەغدا، چاوم پێیکەوت کە لە بەغدا بووم، وە پێنج جار باڵیۆزی ناوبراوم زیارەت کرد، لە سلێمانیەوە ئاگادار کرام کە کۆمەڵەکە ئاشکرا کراوە، وە پێویستە من فیرار بکەم. لەپاش لێکدانەوە بریارم دا کە بچمەوە بۆ سلێمانی. ناچار هاتمەوەو کەوتمە ژێر سەنەدی رەبت کەفالەتو مراقەبەی پۆلیس، رێگەی هاتوچۆو ئیشکردنم نەماو زۆر پەریشانو نارەحەت بووم.»

لەراستییدا، ئەم چەند دێرەی شێخ سەلام لەمەر جەمعییەتی زەردەشت نووسیونی، زۆر دەهێنرێت قسەی لەبارەوە بکرێت. سەرەتا ئەو ساڵی ١٩٢٨ی بۆ دامەزراندنی جەمعییەتەکە داناوە، بەڵام خودی جەمعییەتەکە وەک لە بەڵگەنامەکەی ئەفسەری ئیستیخباراتی ئینگلیزییدا هاتووە، ساڵی ١٩٢٦ی داناوە. هەروەها بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کە دوایی باسی لێوە دەکەین، ناوەراستی ساڵی ١٣٠٦ی هەتاویی / پاییزی ١٩٢٧ زایینیی داناوە. هەروەها رۆژنامەکە بە پارەو پشتگیریی دارایی حکومەتی ئێران بێتو ئاصف ئەعزەمی دەسەڵاتدارای پایەبەرزی ئێرانی لە سنە خەرجییەکەی دابین کات، بەڵام لەلایەن جەمعییەتەکەوە ئیدارە بکرێو (سەربەخۆ)ش بێت!! رۆژنامەکەش بایەخ بە مێژووو دۆکیومێنت بدات، بێئەوەی بزانرێت کام مێژووو کام وەسائق!! ئایا

هەر قسە لە دەورانـی کۆنی پێش ئیسلامو سەردەمی کۆن بدرێت کـە ئاینی زەردەشـتیـی گەلانی ناوچەکەی لەسایەی دەوڵەتێکی وەک ساسانیی کۆکردبووەوە، یان قسە لە دەورانە مێژوویەکانی دیکەو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتییە کوردییەکان بکرێت، ئـەوەی بۆ خوێنەر روون نەکراوەتەوە. هـەروەهـا ئـەوەی کە حکومەتی ئێران کوردانی راکردووی عێراق بگرێتەخۆو لـەوکـارەدا لە ئێران دایـانـمـەزرێـنـێـت کـە لـە عێراق کردوویانە!! لەکاتێکدا نە لە تەواوی ئێراندا لەو کاتەدا بلاوکراوەیەک بە کوردیی دەردەچوو، نە ئێرانیش ئامادەبوو دەست لە راوەدوونانی ئەو کوردانەی ئێران هەڵبگرێت کە لەبەر داوای سیاسییو نەتەوەیی ناچاربوون ئێران جێبهێڵنو لە تورکیاو عێراق پـەروازە ببوون. دواتـر چۆن ئێران لە ئەندامانێک بێدەنگ دەبێت کە رەعییەتی ئێران بنو لەگەڵ جەمعییەتێکی کوردی نەتەوەیی عێراقدا هەڵسورێن کە بۆ (موختاریەتی ئیدارە) تێبکۆشێت! هـەروەهـا شێخ سـەلام باسی ئەو ئـەرکـانـەی بـۆ نـەکـردوویـن کە ئەندامانی جەمعییەتەکە لەبەرامبەر حکومەتی ئێرانو سپۆنسەرەکانیاندا خراوەتە ئەستۆیان، بەبڕوای من ئەوەی شێخ سەلام ئاماژەی بۆ داوە کە کاتی نووسینیان نیە، دەشێت



ئیسماعیل حەقی شاوەیس

ئـەو مەرجانە بن کە حکومەتی ئێران خستوێتییە سەرشانی ئەم جەمعییەتەو دوور نیە کارکردن بێت لە چوارچێوەی پرۆپاگەندەی کێشکردنی کێشەی کورد بۆ ژێر پەرچەمی شاهەنشاهیی پەهلەوییو ئاگاداریی بێت لە هەڵسوڕانی دەسەڵاتدارانی بەریتانیی لە ناوچە کوردییەکانی کوردستانی عێراق، ئـەو بەریتانیانەی دەمـێـک بوو لەرێگەی ئەفسەری ئیستیخباراتیان (کاپتان ئەندەرسن)ەوە لە سلێمانی، سیخوڕێکی خۆیان خستبووە نێو شوعبەی فیدایی جەمعییەتەکەوەو وردو درشـتـی زانیارییەکانی زەردەشـتـیـان دەگەیشتە دەسـت، ئــەوەی کـە د. کـەمـال مەزهەر کردوێتییە هەوێنی بابەتەکەی خۆی لە رەنگیندا.

دواتـر شێخ سەلام دەڵێت کە هەر لەو ساڵەدا (واتە ساڵی ١٩٢٨)، گـەڕاوەتـەوەو سەردانی سەمیعی خانی کردووە لە بەغدا، لەکاتێکدا سەمیعی خان نەک لە ساڵی ١٩٢٨، بەڵکو لە ١٧ی تەموزی ١٩٢٩دا وەک وەزیـری مـوفـەوەز هاتۆتە بەغدا.

لەلایەکی ترەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە شێخ سەلام هەر لەسەرەتای نووسینەکەیدا دەڵێت نێردراوم بۆ ئێران، دیارە لەم رووەوە دەگونجێت فەرمانی چوون بۆ ئێران لە ناوەندی جەمعییەتی زەردەشتەوە لە بەغداوە بۆ شێخ سەلام لە شوعبەی فیدایی لە سلێمانی نێردرابێت. بەڵام دیارنیەئەودەمەناوەندیجەعیەتەکە لە بەغدا پەیوەندییکردنی بە ئێرانەوە لە چ لایەنێکەوە بۆ گەڵاڵە کرابێت، لەکاتێکدا ئەو دەمـە (واتـە ساڵی ١٩٢٨) هێشتا ئـێـران بە فەرمیی دانی بە دەوڵەتی عێراقدا نەنابوو، پۆستە دپلۆماسییەکانی نێوانیشیان ئاڵوگۆڕنەکرابوو، بەڵام لە بەغدا کۆنسوڵخانەی ئێران هەبوو، ئەوەی دوای کرایە سەفارەت. ئەز پێموایە کە پەیوەندییکردن بە حکومەتی

**هەریەک لە بەریتانییەکان‌و ئێرانییەکانیش دژەیان کردبووە جەمعییەتی زەردەشتەوەو دەزگا هەواڵگرەکانی هەردوو دەوڵەت لە ڕێگەی سیخوڕە ئیسفنجسیفەتەکانیانەوە لە ناوچەکە ئاگاداریی هەڵسوڕانی جەمعییەتەکە بوون**

ئێرانەوە مەسەلەیەک بێت زیاتر لە نێو خودی ئێرانەوە بەرنامەڕێژیی بۆ کرابێت، دیارە شێخ سەلام کاتێک باس لە گەڕانەوەی خۆی دەکات لە ئێران، ئاماژەی بە پێنج جار سەردانی خۆی کردووە بۆ لای سەمیعی خانی وەزیری موفەوەز کە لە سەفارەتی ئێران جێگیر بوو، بەڵام باس ئەوەی نەکردووە چ باس‌وخواسێک لەگەڵ سەعادەتی سەفیردا گوزەراوە، وەک لەخوارەوە دەردەکەوێت کە سەمیعی خان وەزارەتی دەرەوەی لە وردەکاریی هەواڵەکانی جەمعییەتی زەردەشت لە عێراق ئاگادار کردۆتەوە، هەرچەندە، دوای تێپەڕینی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر چاوپێکەوتنەکانی شێخ سەلام‌و سەمیعی خان، سەفارەتی ئێران لە بەغداوە لە سەرماوەرزی ١٣١٠/ دیسەمبەری ١٩٣١دا ڕاپۆرتێکی(سی ئێم دی) داوەتە وەزارەتی دەرەوە، باس لە جەمعییەتی زەردەشت دەکات‌و تێیدا هاتووە» کۆمیتەی زەردەشت لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە لەوانەش محەمەد ئەمین زەکی بەگەوە دامەزراوەو لەپێناو یەکخستنی کوردان لە دەوری ئاینی زەردەشت هەڵدەسوڕێن‌و لەگەڵ ناوەندی زەردەشتییان لە هندستان پەیوەندییان هەیەو چەندین کتێبیشیان لەو ناوەندەوە خواستووە کە خەریکی خوێندنەوەین‌و تەنانەت لە خوێندنگاکانی خۆشیاندا بڵاویدەکەنەوە. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون ئەم کۆمیتەیە لە سۆنگەی ئەوەوە کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی شێخ‌و سەرخێڵەکانی کوردن، هەربۆیە تا ئێستا پێنەگەشتووە. بەهەر حاڵ ئامانجی کۆمیتەی زەردەشت ئەوەیە کە کوردان پەیرەوی ئاینی ڕەسەن‌و بەرایی خۆیان بن کە زەردەشتییەو لەم ڕێگەیەشەوە ئەوان لە خورافات ڕزگاربکەن‌و تێکڕا یەکدەست‌و یەکگرتوو بن.«

لەراستییدا، وەزارەتی دەرەوەی ئێران کە لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٣٠دا، گرنگیی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراقی بۆ سەفارەتی ئێرانی لە بەغدا دووپاتکردۆتەوەو پێویستیی کۆکردنەوەی کۆکردنەوەی هەواڵی گرنگی سیاسیی‌و ئابووریی ناوچەکەو چالاکیی لایەنە دەرەکییەکان‌و دامەزراوە کوردییەکان کراوەتە ئەرکی کۆنسوڵەکانی ئێرانیی لە شارەکانی موسڵ‌و سلێمانی. وێڕای ئەوەش، دەوڵەتی ئێران بۆخۆی بەجیا لە وەزارەتی دەرەوە، بۆ هەواڵهەڵگرتنەوەو سیخوریی ڕەوانەی کوردستانی عێراق کردووە، ئەوەی لەراپۆرتەکانییدا باسی لە بوونی کارمەندانی ئینگلیزو دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا کردووە، ئەو سیخوڕەی کە پاش ماوەیەک دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقەوە ناسرایەوەو ناچارکرا بگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەمەش مانای ئەوەیە کە فایلی سەرەکی جەمعییەتی زەردەشت لەنێو سەفارەتی ئێرانی لە بەغدا نەبووەو سەفیری ئێرانی نوێ کە (تەقی خان) بوو، لە وردەکارییەکانی ئەو جەمعییەتە ئاگادار نەبووە.

لە وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکەی سەفارەتی ئێران لە بەغدا، بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەڵێت:» بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەیەتی، کۆمیتەی ناوبراو هەروەک کۆمیتەی خۆیبوون بەدوای مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانەوەیەو ئەو کۆمیتەیەی

ناوی زەردەشتەو ناوەندەکەی لە سلێمانیەو بە هاندانی بێگانەو لەپێناو مەبەستگەلێکی تایبەتدا لە سەرەتای ساڵی ١٣٠٦/ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٧ دامەزراوەو بەهیچ جۆرێک پەیوەندیی بە بڕەوپێدانی ئاینی زەردەشتیی لەنێوان کورداندا نیە. زۆرینەی ئەندامەکانی ئەم کۆمیتەیە لەسەر ڕێبازی سوننین‌و زۆربەیان شافیعیی مەزهەبن. کۆمیتەی ناوبراو بەرواڵەت وا دەردەخات کە بە کۆمەک‌و هاوکاریی دەوڵەتی شاهەنشاهیی مەرامەکانی خۆی ئەنجامدەدات‌و لەوانە کوردستانی عێراق بە کوردستانی ئێرانەوە ببەستێتەوە. لەساڵانی ڕابردوودا لەمبارەیەوە لەلایەن ژێنراڵی کۆنسوڵگەری پێشووی ئێرانەوە لە بەغدا ڕاپۆرتگەلێکی گەیاندۆتە وەزارەتی دەرەوەو کۆمیتەی ناوبراو مەرامەکانی خۆیان بە نووسین پێشەکەش بە دەوڵەتی شاهەنشاهیی کردووە. ئەوەی وەزیری ئابووریی عێراق(مەبەستی محەمەد ئەمین زەکی بەگە/سەردەشتیی) قسەی لێوەکردووە مەعلوم نیە پشت بە چ بنەمایەک دەبەستێت‌و لەوانەی بیەوێت لەژێر ناونیشانی بڵاوەپێکردنی ئاینی زەردەشتیی مەبەستەکانی کۆمیتەی ناوبراو پەردەپۆشبکات‌و لە چاوی هەردوو دەوڵەتی ئێران‌و تورکیادا وەک جەمعییەتێکی ئاینیی لەقەڵەمبدرێت.

بەهەرحاڵ ئەوەی لەمبارەیەوە هەڵدەهێنجرێت ئەوەیە کە لە خاکی عێراقدا دامەزراندنی ئەم جۆرە کۆمیتانە بێ چاودێریی‌و ئاگاهیی کارمەندانی بیانیی ئەنجام نادرێت‌و ئەو کوردانەی لەنێو دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقدا خزمەتدەکەن جێگەی باوەڕو متمانە نین.»

لەڕاستییدا، هەریەک لە بەریتانییەکان‌و ئێرانییەکانیش دژەیان کردبووە جەمعییەتی زەردەشتەوەو دەزگا هەواڵگرەکانی هەردوو دەوڵەت لە ڕێگەی سیخورە ئیسفنجسیفەتەکانیانەوە لە ناوچەکە ئاگاداریی هەڵسوڕانی جەمعییەتەکە بوون‌و ئەندامەکانیان ناسیبوون، هەربۆیە یە تەواویی نازانرێت‌و بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدا نین کە کام لەو دوولایەنە تەواوی ئەو هەواڵانەیان گەیاندووەتە حکومەتی عێراق‌و بووەتە هۆکاری گرتن‌و پەرتەوازەبوونی ئەندامانی زەردەشت لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێر اقەوە. ئەوەی هەیە دەشێت کە بەریتانییەکان لە سۆنگەی ئەوەی کە کاریان بۆ بەرنامەی بەستنەوەی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی تازە داتاشراوی عێراقەوە دەکرد، نزیکبوونەوەی جەمعییەتی زەردەشت‌و حکومەتی ئێرانیان پێ خۆش نەبووبێت‌و کارکردنی زەردەشتیان بۆ بەستنەوەی باشووری کوردستان بە کوردستانی بندەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە گورزێکی دژ بە بەرنامەو پرۆژە سیاسیە کۆڵێنیالییە ئایندەییەکەی خۆیان لە میسۆپۆتامیادا لێکدابێتەوەو هەنگاویان بۆ شناسایی ئەندامانی جەمعییەتی زەردەشت‌و پەرتەوازەکردنی ئەندامەکانی نابێت. بەتایبەتیی ئەو دەمە بەریتانییەکان لەعێراقی بن منداتی خۆیاندا، نفوزێکی زۆریان لە ڕێگەی ڕاوێژکارەکانیانەوە هەبووو خاوەن قسەی باڵابوون بەتایبەت لە مەسەلە سیاسیی‌و ئەمنییەکانی وڵاتدا، بەتایبەتتر لە کوردستان کە هێشتا دەسەڵاتی بەغدا لە ناوچەکەدا جێگیریی بەخۆوە نەدیبووو زیاتر کارمەندانی بەریتانیی بە سەرپەرشتیی کارو بارە ئەمنییەکانی ڕادەگەیشتن. دیارە تا پەیدابوونی بەڵگەی نوێ ئەم بۆچوونە وەک ئەگەرو گریمانەیەک نەک ڕاستیەکی چەسپاو دەمێنێتەوە.

دیارە لەم ڕووەوە، ناکرێت بە ئەگەرێکی وا دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لە هێرشکردنە سەر جەمعییەتی زەردەشت بێ ئۆباڵ بزانین‌و ئەستۆپاکییان ڕابگەیەنرێت، چونکە هەر لەو ساڵەی تێدا پەلاماری جەمعییەتەکە درا، وەرچەرخانێکی ئاشکرا لە کرانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو دەوڵەتی عێراق‌و ئێران هاتەپێش‌و لە دوای دانانی فەرمی ئێران بە دەوڵەتی عێراق‌و

گۆڕینەوەی پۆستە دپلۆماسییەکان و چوونی (تۆفیق ئەلسوێدی) بۆ ئێران وەک نوێنەری عێراق لەتاران ، ئەم نوێنەرە دپلۆماسییە لەگەڵ (تەیمورتاش)ی وەزیری دەرباری ئێران دانیشتنی کـردووەو ناوبراو لـەوە ئـاگـاداری کـردۆتـەوە کە دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران لەمەڕ سیاسەتی چاوپۆشینی عێراق لەئاست کوردو مافەکانیان نیگەرانەو داوای گرتنەبەری سیاسیەتێکی هاوبەشی دژ بەگەلی کورد کردووە. هەروەها کاتێک پاشتر مەلیک فەیسەڵ لەگەڵ ژمارەیەک لە سیاسەتکارانی حکومەتی عێراق لە ٢٢ی نیسانی ١٩٣٢دا سەردانی تارانیان کردو لەگەڵ وەزیـری دەربـاری ئێرانو وەزیـردی دەرەوەدا کۆبوونەوە، ئێرانییەکان داوایـــان لە مەلیک فەیسەڵ کرد ڕێگە نـەدەن مەیلی سەربەخۆخوازیی کـوردان پەرە بسێنێت. لەراستییدا پەیوەندییەکانی نـێـوان ئـەم دوو دەوڵـەتـــەوە لـێـرەبـەدواوە تـادەهـات بەهێزتر دەبوو، بەچەشنێک کێشەی کورد کە پێشتر ڕەگەزێکی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هـەردوولا بوو، بووە ڕەگەزێکی نزیکبوونەوەو پتەوبوونی پەیوەندییەکان، ئەوەش بـە ڕوونـــی لـە چـارەسـەرکـردنـی کێشە سنوورییەکانو ڕێکەوتنە دوولایـەنـەکـانـدا ڕەنگیدایەوەو پاشتریش بووە بەندێکی سەرەکیی پەیمانی (سەعدئاباد) کە هەردوو دەوڵەتەکەو دەوڵەتانی دیکەی بەشدارو هاوپەیمان.

---

## سەرچاوەکان


١- - جەمال نـەبـەز، بیری نـەتـەوەیـی کـــوردی نەبیری (قـەومـیـەت)ی ڕۆژهـەڵاتـی و نـەبـیـری (نـاسـیـۆنـالـیـزم ) یڕۆژئاواییە ، بڵاوکراوەی خوێنکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ١٩٨٤، ل ١٢٥ .

٢ - وەرگـیـراوە لە: دکتور عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی وئابووری ، وەرگێرانی : عبداللە حسن زادە ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣ز ، ل ٢٩٧-٢٩٩.

٣- دیـوانـی سـەلام، چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٩١، ل ٣٨-٣٩،
مرکز اسناد تاریخی وزارت امور خارجە، پروندە شمارە ٨٢-١٦-١٣١٠. وەرگیراوە لە:

٤-مسعود کوهستانی نژاد، چالشهاو تعاملات ایرانو عراق در نیمەو سدەو بیستم ، تهران ، ١٣٨٤، ل ٢٦٩.

٥- ڕۆژنامەی (ژیان) ، ژمارە ١٨٧، ٢٢ تموز ١٩٢٩.

-٦ مرکز اسناد تاریخی وزارت امور خارجە، پروندە شمارە ٨٢-١٦-١٣١٠. وەرگیراوە لە: مسعود کوهستانی نـژاد، سـەرچـاوەی پێشوو، ل٢٨٦-٢٨٧.

٧- مرکز اسناد تاریخی وزارت امور خارجە، پروندە شمارە ١٤٤-١٦-١٣٠٩. وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە، ل٢٨٦

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- تـوفـیـق الـسـویـدی، مژکراتی، نصف قـرن تاریخ العراق و القچیە العریبە، گ٢، بغداد، ١٩٩٩، ص ٢٠١.

١١- هەمان سـەرچـاوە، ل ٢٣١-٢٣٣.